مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.159894.1204*

**Date of research received 06/05/2025, Revise date 01/07/2025 and accepted date 01/07/2025**

# Learning a Second Language Through Mental Imagery "English as an Example"

**Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood**

**Dr. Rezhna saefaddin hasan**

**Abstract**

In today's era, with ongoing advancements in life, acquiring a second language has become an essential requirement. Language learning experts continuously search for innovative strategies and methodologies. Various approaches and strategies have been developed in this field, one of which is the "keyword strategy" that relies on language acquisition through mental imagery. In second language acquisition, the fundamental process involves encoding and storing information in memory, which directly impacts information retrieval capabilities. This research, titled "Second Language Acquisition Through Mental Imagery," examines learning a second language—specifically English—through mental visualization techniques. The study employs a descriptive methodology. The significance of this research lies in developing an appropriate program for second language acquisition (English) that enables learners to memorize numerous linguistic units without forgetting them. This study aims to address several questions: How can learners effectively store information in memory without forgetting it and retrieve it when necessary? Can Kurdish learners benefit from mental imagery when learning English as a second language? How can this strategy be implemented in the Kurdish language context? The research findings reveal that an effective program can be developed for Kurdish learners to acquire a second language, specifically English, by utilizing mental imagery techniques. A comprehensive bibliography is provided at the conclusion of the research.

**Keywords**: Second language acquisition, Learning, Mental imagery, Memory, Encoding.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

# تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية

# (اللغة الانجليزية نموذجآ)

آ.د.عبدالواحد مشير محمود[1]

د.ڕێژنه سيف الدين حسن[2]

**الملخص**

في العصر الحالي وفي ظل التقدم المعاصر، أصبح تعلم لغة ثانية حاجة مهمة، لذلك يسعى خبراء هذا المجال إلى إيجاد استراتيجيات وطرق جديدة لتعلم اللغة. لهذا الغرض، تم تقديم العديد من الأساليب والاستراتيجيات في هذا المجال. إحدى هذه الاستراتيجيات هي استراتيجية (الكلمات المفتاحية) التي تعتمد على تعلم اللغة من خلال الصور الذهنية. بلا شك، تعد عملية ترميز المعلومات وتخزينها في الذاكرة من أبرز ركائز تعلم اللغة الثانية، مما يؤثر على عملية استرجاع المعلومات . يتناول هذا البحث، بعنوان (تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية)، تعلم اللغة الثانية، مثل اللغة الإنجليزية، من خلال الصور الذهنية. ولتحقيق ذلك، تم الاعتماد على المنهج الوصفي. تكمن أهمية هذا البحث في أنه من خلال وضع برنامج مناسب لتعلم لغة ثانية، مثل اللغة الإنجليزية، يمكن للمتعلم حفظ العديد من الوحدات اللغوية دون نسيانها. يهدف هذا البحث إلى الإجابة على عدة أسئلة: كيف يمكن للمتعلم تخزين المعلومات في الذاكرة دون نسيانها واسترجاعها عند الحاجة؟ إلى أي مدى يمكن للمتعلم الكردي الاستفادة من الصور الذهنية في تعلم اللغة الإنجليزية كلغة ثانية؟ كيف يمكننا تطبيق هذه الاستراتيجية في اللغة الكردية؟ وفي النهاية، اكتشفنا أنه يمكن وضع برنامج مناسب للمتعلمين الأكراد لتعلم لغة ثانية، مثل اللغة الإنجليزية، بالاعتماد على الصور الذهنية. وفي الختام ، تم دعم نتائج البحث بقائمة المصادر العلمية.

**الكلمات المفتاحية:** اللغة الثانية، التعلم، الصور الذهنية، الذاكرة، الترميز.

[1]جامعة صلاح الدين-اربيل كلية اللغات- اللغة الكردية

[2] جامعة صلاح الدين-اربيل كلية اللغات- اللغة الكردية

# فێربوونی زمانی دووەم لە ڕێگەی وێنەی زەینی
# (زمانی ئینگلیزی بە نموونە)

پوختە :

لە سەردەمی ئەمڕۆدا لەگەڵ بەرەو پێش چوونی ژیان، فێربوونی زمانی دووەم بووە بە پێداویستییەکی گرنگ، بۆیە شارەزایانی ئەم بوارە بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی ستراتیژییەت و ڕێگای نوێی فێربوونی زمانن، بۆ ئەم مەبەستە چەندین شێواز و ستراتیژییەتی جیاواز لەم بوارەدا خراونەتە ڕوو. یەکێک لەم ستراتیژییەتانە بریتییە لە ستراتیژییەتی (کلیلە وشە) کە پشت دەبەستێت بە فێربوونی زمان لە ڕێگەی وێنەی زەینی. بێ گومان لە فێربوونی زمانی دووەمدا خاڵی بنەڕەتی بریتییە لە کرداری بە کۆدکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکان لە یادگەدا، کە کاریگەری دەکاتە سەر کرداری گەڕاندنەوەی زانیارییەکان. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فێربوونی زمانی دووەم لە ڕێگەی وێنەی زەینی)، کە باس لە فێربوونی زمانی دووەم بە نموونە زمانی ئینگلیزی دەکات لە ڕێگەی وێنەی زەینی. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ڕێبازی وەسفی بەستراوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە لە ڕێگەی دانانی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم بە نموونە زمانی ئینگلیزی، فێرخواز بتوانێت چەندین یەکەی زمانی لەبەربکات بێ ئەوەی لەبیریان بکات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەیشتن بە وەڵامی چەند پرسیارێک: چۆن فێرخواز بتوانێت زانیارییەکان لە یادگە هەڵبگرێت بێ ئەوەی لەبیریان بکات و لە کاتی پێویست بیانگەڕێنێتەوە؟ ئایا فێرخوازی کورد بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم دەتوانێت سود لە وێنەی زەینی وەربگرێت؟ چۆن دەتوانین ئەم ستراتیژیەتە لە زمانی کوردی پەیڕەو بکەین؟ لە کۆتایی توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە دەکرێت پرۆگرامێکی گونجاو بۆ فێرخوازانی کورد دابنرێت بۆ فێربوونی زمانی دووەم بە نموونە زمانی ئینگلیزی. بە پشتبەستن بە وێنەی زەینی. لە کۆتایی توێژینەوەکەش لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە**: زمانی دووەم ، فێربوون ، وێنەی زەینی، یادگە ، بەکۆدکردن.

**پێشەکی:**

**ناونیشـــانی تـــوێژینەوەکە :** تـــوێژینەوەکە بە ناونیشـــانی (فێربـــوونی زمـــانی دووەم لە ڕێـــگەی وێـــنەی زەینـــی (mental imagery) – زمـــانی ئینگلیـــزی بە نموونە.

**-گرنگـــی تـــوێژینەوەکە:** گرنگـــی ئەم تـــوێژینەوەیە لەوەدایە کە ســـتراتیژیەتێکی گرنـگ لە فێربـوونی زمـانی دووەم بـۆ فێرخـوازی کـورد دەخـاتەڕوو، بەجۆرێـک کە فێرخـــواز بتوانێـــت چەنـــدەها یەکەی زمـــانی لەبەر بکـــات بـــێ ئەوەی لە یادیـــان بکات و لە کاتی پێویست بیانگەڕێنێتەوە.

**-ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی وەسفی بەستراوە.

**ئامـــانجی تـــوێژینەوەکە** :ئامـــانج لەم تـــوێژینەوەیە گەیشـــتنە بە وەڵامـــی چەنـــد پرسیارێک لەوانە:

-چـۆن فێرخـــواز بتوانێـــت زانیارییەکـــان لە یـــادگە هەڵبگرێـــت بـــێ ئەوەی لەبیریـــان بکات و لە کاتی پێویست بیانگەڕێنێتەوە؟

-ئایـــا فێرخـــوازی کـــورد بـــۆ فێربـــوونی زمـــانی ئینگلیـــزی وەک زمـــانی دووەم دەتوانێت سود لە وێنەی زەینی وەربگرێت؟

– چۆن دەتوانین ئەم ستراتیژیەتە لە زمانی کوردی پەیڕەو بکەین؟

**نـــاوەڕۆکی تـــوێژینەوەکە:** تـــوێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهـــاتووە، بەشـــی یەکەم کە بەشـــێکی تیـــۆرییە تێیـــدا چەنـــد بابەتێـــک خـــراونەتەڕوو لەوانە:( فێربـــوونی زمـــان، تیۆرییەکـــانی فێربـــوونی زمـــان، یـــادگە و جۆرەکـــانی ســـتراتیژییەکانی فێربـــوونی زمـــانی دووەم، چـــۆنیەتی دروســـت بـــوونی وێـــنە لە زەینـدا). بەشـــی دووەم تـــایبەتە بە فێربـــوونی زمـــانی دووەم لە ڕێـــگەی وێـــنەی زەینـــی تێیـــدا چەنـــد نمـــوونەیەک لەم بـــارەیە ڕوونکـــراوەتەوە. لە کۆتـــایی تـــوێژینەوەکە ئەنجـــام و لیســـتی ســـەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: وێنە و فێرکردنی زمان

### ١-١ پرۆسەی فێربوونی زمان

پرۆسەی فێربوون بەگشتی لە لایەن زمانەوانان و دەروونناسانەوە پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە ، چونکە لەم پرۆسەیە هەردوو لایەنی دەروونی و پەروەردەیی رۆڵی گرنگ دەبینن . هەر یەک لە پێناسەکان لە روانگەیەکەوە سەیری پرۆسەکەیان کردووە و هەوڵیانداوە پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەم پرۆسەیە بخەنە روو بۆ نموونە لە فەرهەنگی (Logman) دا بەم شێوەیە پێناسەکراوە (دەستکەوتنی زانیارییە لەسەر بابەتێک یان وەرگرتنی لێهاتوویە بە ئەزموون لە چالاکیەکاندا ،ئەمەش بە خوێندن یان بە هۆی فێرکردنەوە دەبێت (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٢٢) یان بەوە پێناسەکراوە کە (پرۆسەیەکی عەقڵی زۆر ئاڵۆز و هەمە لایەنە ،ژمارەیەکی زۆر پرۆسە و چالاکی و توانستی تر لەخۆدەگرێت کە لە وەرگرتن و هەست پێکردنی و رژێنەکان لە لایەن هەستەوەرەکانەوە دەست پێ دەکات و دواتر گەیاندنیان بە مێشک و عەنبارکردنی و لێکدانەوە و درک پێکردن و وەڵام دانەوە لە رێگەی ماسولکە و گلاندەکانەوە کۆتایی دێت(قەرەچەتانی،٢٠٠٨: ١٨) . واتە پرۆسەی فێربوون بە گشتی پرۆسەیەکی هەمەلایەنە بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانی مرۆڤ بەشداری تێدا دەکات ،مرۆڤ توانایەکی خۆرسکی هەیە بۆ فێربوون کە توانایەکی بەرزە و لەگەڵ مرۆڤ لە دایک دەبێت و بە رێژایی ژیانی ئەم توانایە بەگەڕدەخات بۆ فێربوونی ناوەستێ تا کۆتایی ژیانی. فێربوونی زمانیش وەک هەموو فێربوونەکانی تر بریتیە لە وەرگرتنی زانیاری و هەڵگرتنی لە مێشک تا کاتی بەکارهێنانەوەیان، واتە وەرگرتنی زانیارییەکان و هەڵگرتیان لە یادگەی درێژخایەن و دووبارە بەکارهێنانەوەیان لەکاتی پێویستدا. پرۆسەی فێربوونی زمان بە تایبەتی زمانی دووەم بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێ یان ئەوەتا بەشێوەی سروشتی واتە لەخۆوە ئەمەش لەکاتێکدا کە تاک بکەوێتە ژینگەیەکی زمانی جیاواز لە زمانی دایک ئەوکاتە پێداویستی و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی وا دەکەن کە فێربوونی زمانی دووەم بەشێوەی سروشتی رووبدات، یان ئەوەتا بە شێوەی فێرکردن واتە لە ناو پۆلدا ئەنجام دەدرێ واتە مامۆستا لە رێگەی هەڵبژادنی ستراتیژییەتێکی گونجاو زانیارییەکانی بە فێرخواز دەگەیەنێت .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر پرۆسەی فێرکردنی زمانە، لەم پرۆسەیەدا گرنگە باشترین ستراتیژیەت دەست نیشان بکرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکانی بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین سود لە تیۆرییەکانی فێربوونی زمان وەربگرین. لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەمدا کۆمەڵێک هۆکار هەن کە وا دەکەن پرۆسەکە ئاسانتر بەرێوە بچێت لەوانە حەز و ئارەزووی فێرخواز ،چونکە بوونی حەز و ئارەزوو بۆ فێربوونی

زمانی دووەم وا دەکات فێرخواز لە رووی دەروونی و عەقڵیەوە ئامادەباشی تێدا بێت و دەبێ خۆشەویستی بۆ زمانەکە هەبێت جگە لە بوونی ستراتیژیەتێکی گونجاو و ژینگەیەکی لەبار و راهێنانی بەردەوام و بەکارهێنانی زمانەکە  کە گرنگن بۆ فێربوونی زمانی دووەم لەهەمووی گرنگتر تێکەڵبوونی کەلتوری و ژینگەیی زمانی دووەمە کە پرۆسەی فێربوون خێراتر دەکەن جگە لەمە لە فێربوونی زمانی دووەم تەمەن رۆڵی خۆی هەیە چونکە (زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون ئاماژە بەوە دەدەن کە تەمەنی (11-12) ساڵی باشترین تەمەنە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم (عبدالله، ٢٠١٥: ١١ )، لە فێرکردنی زمانی دووەمدا مامۆستا زانیارییەکان دەدات بە فێرخواز کاتێ فێرخواز زانیارییەکان وەردەگرێ و گرنگە ئەو زانیاریانە لە یادگەی درێژخایەن هەڵبگرێت و بەکاریان بهێنێتەوە.

### ١-٢ – تیۆرەکانی فێرکردنی زمان

زمان کەرەسەی سەرەکی پەیوەندیکردن و پێش کەوتی هەر گەل و نەتەوەیەکە لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زمان جا چ زمانی یەکەم بێ یان زمانی دووەم ژمارەیەک تیۆر و بیردۆز لەبەر دەستدان، کە هەر یەک لەو بیردۆز و تیۆرانە هەوڵیانداوە ستراتیژیەتێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ فێربوونی زمان ،دەتوانین تیۆرەکان بەسەر سێ بەش پۆلین بکەین:

١- تیۆری زگماکی (Nativist Theories)

زمان گوزارشتە لە سیستەمێک کە سستەمێکی دەنگی و سستەمێکی رستەسازی و سستەمێکی واتای لەخۆ دەگرێت، لێرەدا گرنگە پرسیارێک بخەینە روو کە ئایا منداڵ لەکاتی فێربوونی زمان چۆن دەتوانێت ئەو وشەو رستانە دەرببڕێت کە پێشتر گوێبیستی نەبوە؟ ژمارەیەک لە زاناکان لەو بڕوایەدان کە ئامادەباشی و توانستی فێربوونی زمان بۆ ماوەکانی پێش لەدایک بوون دەگەڕێتەوە بۆ نموونە (چومسکی Chomicky) دەڵێت :منداڵ پێش ئەوەی لە دایک ببێت توانایەکی لەبن نەهاتووی هەیە بۆ فێربوونی زمان کە ئەویش لە رێگای پێکهاتوویەکی کۆئەندامی دەماری ناوەندییەوە بەرجەستە دەبێت (قەرەچەتانی،٢٠٠٢ : ١٥٣) . کەواتە فێربوونی زمان بەلای لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانایەی کە مرۆڤ هەیەتی بۆ فێربوونی زمان بەو پێیەی کە منداڵ کاتێک فێری زمان دەبێت دەتوانێت وشە و رستەی وا دەرببڕێت کە پێشتر گوێبیستی نەبووە . هەروەها ئامادەباشی وەرگرتنی زمان واتە

ئەو توانا شاراوەی مرۆڤ هەیەتی بۆ فێربوونی زمان بنەمایەکی سەرەکیە لە پرۆسەی فێربوون بەتایبەتی فێربوونی زمان . چۆمسکی پێی وایە کە ئەم توانایە توانایەکی گشتیە واتە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە لەهەر کات و شوێنێکدا بێت ،ئەم توانایە کە توانیەکی زگماکیە و وەرگیراو نیە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە پێی دەوترێ ئامێری وەرگرتنی زمان (LAD) ( Device Acquistion Languag)، هەروەها چومسکی وایدەبینێ کە بنەمای هاوبەش (Universal) لە هەموو زمانە مرۆڤایەتیەکان وەک یەکە و تەنانەت ئەم بنەمایە بە بەشێک لە سروشتی مرۆڤ دادەنێت ( www.kenanaonline.com ) . لە لایەکی ترەوە چومسکی پێی وایە کە هۆکاری ژینگەیی واتە ژینگەی کرمەڵایەتی زمان گرنگە بۆ فێربوونی زمان. لایەنگرانی ئەم تیۆرە چەند بەڵگەیەک دەهێننەوە بۆ بوونی توانایەکی بایەلۆژی لە فێربوونی زمان بەڵگەکانیش بە کورتی ئەمانەن(1- پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان زمان و لایەنی فسیۆلۆژی. 2- زمان بە پێی خشتە و کاتێکی دیاریکراو گەشە دەکات . 3- زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت گەشەکردنی زمان بوەستێنرێت . 4- ناتوانرێت زمانی مرۆڤ بێجگە لە مرۆڤ فێری هیچ بوونەوەرێکی تر بکرێت . 5- بنەما ورێزمان و رێسا سەرەکیەکانی زمان لە نێوان هەموو گەل و نەتەوەکاندا هاوبەشە) (قەرەچەتانی، ٢٠٠٢: ١٥٤).

٢- تیۆری رەوشتی Behaviorist Theory :

لایەنگرانی ئەم تیۆرە وایدەبینن کە زمان رەوشتە وەک هەموو رەوشتەکانی تری مرۆڤ بریتیە لە کاروکاردانەوە، رابەری ئەم رێبازە (سکنر) پێی وایە (منداڵ کاتێک فێری گروگاڵ و یاریکردن بەدەنگەکانی دەبێت ،لەوکاتەدا دایکان و باوکان و کەسانی تری چواردەوری منداڵ لە رێگەی پێکەنین و زەردەخەنە و لەباوەش گرتن و ماچ کردن و لاواندنەوە و رازی بوونی ،پشتگیری هەندێک لە دەنگەکانی منداڵ دەکەن و ژمارەیەکی تری دەنگەکانی پشتگوێ دەخەن ئەمەش وادەکات کە منداڵ تەنها ئەو دەنگانە دووبارەبکاتەوە کە کەسانی چواردەوری پێیان خۆشە و دەنگەکانی تر پشتگوێ دەخات کە دواجار دەبێتە هۆی فێربوونی دەنگ و وشەی تر)( قەرەچەتانی، ٢٠٠٢: ١٥٤).

واتە پرۆسەی وەرگرتنی زمان بە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای کار وکاردنەوە کار دەکات واتە زمان لای منداڵ لە رێگەی پاداشت و دووبارەبوونەوە و راهێنانەوە گەشەدەکات ،بۆ نموونە کاتێک منداڵ دەنگێک دەردەبرێت

ئەوا سەیری کاردانەوەکەی دەکات لە دەوروبەری ئەگەر کاردانەوەکە پۆزەتیڤ بوو ئەوا بەردەوام دەبێت و دووبارەی دەکاتەوە ئەگەر کاردانەوەکە نێگەتیڤ بوو یان هیچ کاردانەوەیەک نەبوو ئەوا دووبارەی ناکاتەوە و بەدوای دەنگی تردا دەگەرێت تا دەگاتە قۆناغی وشە و رستە.

هەروەها لایەنگرانی ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە کۆکن کە ژینگە هۆکارێکی هەستیارە و گرنگی زۆری هەیە لە وەرگرتنی زمان .بە جۆرێک کە (ژینگەی کۆمەلایەتی و جیهانی دەرەوە کاریگەریان لەسەر وەرگرتنی زمان گرنگی زۆری پێدراوە بەتایبەتی لە لایەن (واتسن) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی قوتابخانەی رەوشتی و لەو بڕوایە دایە کە گرنگی زۆریان هەیە لەسەر کەسایەتی منداڵ لە کاتی وەرگرتنی رەوشتی زمانی و رەوشتەکانی تر ی نازمانی (مینە ،٢٠١٣: ٣٦).

٣- تیۆری مەعریفی Cognitive Theory:

(جان پیاجە) بە رابەری ئەم تیۆرە دادەنرێت پێی وایە کە توانا و لێهاتوویی فێربوونی زمان لە رێگەی کارلێکردنی نێوان منداڵ و ژینگەوە گەشە دەکات ،واتە منداڵ توانست و ئامادەباشی هەیە ،بەڵام ئەم توانست و ئامادە باشیە ئەگەر نەخرایە ژینگەیەکی لەبارو گونجاوی کۆمەلایەتی ئەوا ئەم توانایە گەشە ناکات و لە هەڵس و کەوت و زمانی منداڵ بەرجەستە نابێت (قەرەچەتانی، ٢٠٠٢: ١٥٦). واتە ژینگە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشە کردنی توانای زمان لای منداڵ.

٤- تیۆری لاسایکردنەوە :

ئەم تیۆرە کرداری وەرگرتنی زمان دەبەستێتەوە کرداری لاسایکردنەوە بە بۆچوونی نوێنەرانی ئەم تیۆرە منداڵ لە رێگەی لاسایکردنەوەی گەورەکان و ئەو کەسانەی لە ژینگەی زمانی خۆیدا دەژین فێری زمان دەبێت،واتە کاتێک دایک و باوک و کەسانی چواردەوری منداڵ گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ منداڵەکەدا دەکەن لەو کاتەدا سەرەنجی ئەو کەسانە دەدات و هەوڵدەدات وەک ئەوان دەنگ و وشە و دەستەواژەکان دووبارە بکاتەوە و رۆژ لە دوای رۆژ وشە و رستەی زیاتر لە و ژینگەیە فێردەبێت (مینە، ٢٠١٣: ٣٦) بەو واتایەی منداڵ فێری زمان دەبێت لە رێگەی لاسایکردنەوەی ئەو دەنگ و وشە و دەستەواژانەی کە گوێبیستیان دەبێت، بەڵام ئەم تیۆرەش سەرکەوتوو نەبوو لە شیکردنەوەی چۆنیەتی وەرگرتنی زمان و رەخنەی

ئەوەی لێدەگیرێت کە زۆرجار منداڵ کاتێک گوێبیستی رستەیەک دەبێت وەک خۆی دووبارەیان ناکاتەوە و دایدەرێژێتەوە ،بۆیە ئەم تیۆرەش نەیتوانی سەرکەوتوو بێت

### ١-٣--یادگە و جۆرەکانی یادگە:

چەمکی یادگە لە چەند ڕوانگەیەکەوە پێناسەکراوە لەوانە: یادگە بریتییە لە توانای پاراستنی ئەزموونەکانی تاک( الغريب، ١٩٧٨: ٥١٥) . یان بەوە پێناسەدەکرێت کە کردارێکی ئەقڵییە ئاماژەیە بۆ هەڵگرتنی زانیاری و گەڕاندنەوەی بەشێوە ڕەسەنەکەی خۆی، ئەمەش ڕوونادات تەنها دوای وەرگرتن و فێربوون نەبێت(ابو حطب، ١٩٩٦: ١٧١). یادگە دابەشی چەند بەشێک کراوە:

١-یادگەی هەستی : بریتییە لە کرداری هەڵگرتنی زانیارییە هەستییەکان، ئەم یادگەیە لە ئامادەکردن و درککردندا گرنگە، چونکە ڕێگەدەدات وێنەیەکی تا ڕادەیەک ورد و تەواو لە ڕێگەی ئەندامەکانی هەستکردن هەڵبگرێت. ئەم یادگەیە چەند یادگەیەکی تری لاوەکی لەخۆدەگرێت وەک: یادگەی بینراوی، یادگەی بیستراوی، یادگەی بەرکەوتن، یادگەی بۆنکردن و یادگەی تامکردن. هەروەها ئەم یادگەیە زانیارییەکان ڕێکدەخات لە نێوان هەست و یادگەی کورتخایەن، کە دەتوانێت (٤-٥) یەکەی زانیاری لە یەک کاتدا بگوازێتەوە.ماوەی هەڵگرتنی زانیاری لەم یادگەیە زۆر کورتە، کە لە چرکەیەک تێناپەڕێت.(الحوى، ٢٠٢٢: ١٢-١٥).

٢- یادگەی کورتخایەن : ئەم یادگەیە وێستگەی دووەمە بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان، کە لە یادگەی هەستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەم یادگەیە، وەک کۆگایەکی کاتی وایە بۆ زانیارییەکان(الزغلول، و الزغلول، ٢٠٠٣).توانای هەڵگرتنی زانیاری لەم یادگەیە سنوردارە لە نێوان (٥-٩) یەکەی زانیارییە. ماوەی هەڵگرتنی زانیاری لەم یادگەیە کورتە، کە لە (١٥-١٨) چرکە تێناپەڕێت، ئەگە زانیارییەکە دووبارەنەکرێتەوە و چارەسەرنەکرێت ئەوا دەسڕتەوە و لەبیردەکرێت(الحوي ، ٢٠٢٢ : ١٥)

٣- یادگەی درێژخایەن : ئەم یادگەیە زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵدەگرێت، دوای ئەوەی چەند جارێک دووبارەدەکرێتەوە، ئەم یادگەیە کارانابێت ئەگەر بە پێی یاساکانی فێرکردن پشتگیری نەکرێت. توانای ئەم یادگەیە بۆ هەڵگرتنی زانیاری سنوردارنییە، دەتوانێت بۆ ماوەی نیو سەدە زانیارییەکان هەڵبگرێت( الزيات، ١٩٩٨). ئەم زانیارییانە بەرلەوەی بخەنە یادگە بەکردارێک کە پێی دەڵێن بەکۆدکردن دەگۆرردرێن بە کۆد یان هێما. مەبەست لە بە کۆدکردن کردارێکی یادگەیە کە دوای ئەوەی لە ڕێگەی

هەستەکانەوە زانیارییەکان وەردەگیرێت وەک (دەنگ و وێنە) دەیانگۆڕێت بۆ جۆرێک لە ئاماژە یان هێما تاکو یادگە بتوانێت وەریبگرێت. تۆمارکردنی زانیارییەکان بە مانای تۆمارکردن نییە وەک وێنەیەکی فۆتۆگرافی، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک ئاماژە (ملحم، ٢٠٠١). کەواتە مەبەست لە بەکۆدکردن گۆڕینی زانیارییە بۆ وێنەی واتادار تاوەکو لە داهاتوو بەئاسانی بگەڕێنرێنەوە، واتە زانیارییەکان کورت دەکرێنەوە بۆ وێنەی سادەتر وەک کلیلێکی تایبەت(ابو ریاش ، ٢٠٠٧: ١٨٥). ئەم بە کۆدکردنە لەسەر شێوەی هەستە دەمارین کە دەگەنە مێشک و لە لایەن یادگە وەردەگیرێن، کە لە داهاتوودا لە ڕێگەی سەرچاوە هەستییەکان هاندەدرێن وەک ئاماژە زمانییەکانی وەک دەنگەکان و هێما بینراوەکان ( الوقفي، ٢٠٢٣).ئەم زانیارییانەی لەم یادگەیە هەڵدەگیرێن دەتوانرێت لە کاتی پێویست بگەڕێنرێنەوە، بۆ ئەمەش چەند هۆکارێک کاردەکاتە سەر گەڕاندنەوەیان لەوانە باری دەروونی کەسەکە و ڕێگای بەکۆدکردنی زانیارییەکە لەسەرەتادا( الحوي:٢٠٢٢: ١٥).

**١-٤- دروستبوونی وێنەی زەینی :**

فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە بەکارهێنانی وێنەی عەقڵی شێوازێکی کاریگەرە کە تێگەیشتن و بیرهێنانەوە بەرز دەکاتەوە، چونکە وشە و ماناکان بە وێنەی ڕوونی زەینی یان خەیاڵییەوە دەبەستێتەوە. وێنەی دەروونی بریتییە لە پرۆسەی بینینی وێنەیەک لە مێشکتدا کە یارمەتیت دەدات بە شێوەیەکی بینراو یان هەستکردن وشەیەک یان دەستەواژەیەک بە واتاکەیەوە ببەستیتەوە. ئەم شێوازە یادگەی بینراو چالاک دەکات و فێربوون قووڵتر و چێژبەخشتر دەکات. وێنەی زەینی وێنەی خەیاڵی شتێکە لە مێشکدا دروست دەبێت، دەتوانین بڵێین جۆرێکە لە هێما ئەم جۆرە هێمایە  بە واتایەک بەستراوەتەوە بە سانایی بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە ،تاکو واتای وێنە بە دروستی لای گوێگر ئاشکرابێت دەبێت ئەم وێنەیە پێش وەخت لە مێشکی گوێگر هەبێت و واتای بزانرێت (دزەیی، 2015:  169–170) ئەم وێنەیەش دروست دەبێت لە ڕێگەی هەستەکانی مرۆڤەوە دروست دەبێت کە بریتین لە (هەستی بینین ،هەستی بیستن ،هەستی بۆنکردن ،هەستی تامکردن ،هەستی بەرکەوتن) کە هەریەکە لەم هەستانە ڕۆڵی خۆیان هەیە لە دروست بوونی وێنەی زەینی لە مێشکدا،لەکاتی لە دەستدانی هەریەک لەم هەستانە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی هەستەکانی تریەوە وێنەی شتەکان لە مێشکیدا دروست بکات بۆ نموونە نابیناکان چۆن دەتواننن جیاوازی لە نێوان پرتەقاڵ و سێودا


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

بکەن کە هەردووکیان لە ڕووی شێوەو قەبارەوە خڕن لە کاتێکدا کە هەستی بینینیان لە دەست داوە؟ بێگومان لە ڕێگەی هەستەکانی ترەوە وەک بۆنکرد و تامکردن دەتوانن ئەم جیاوازیە هەست پێبکەن یان ئەوانەی کە نابیستن و لاڵن واتە هەستی بیستنیان لە دەست داوە بێگومان هەستەکانی تر ئەمە قەرەبوو دەکەنەوە و ئەم ڕۆڵە دەبینن .

دروست بوونی وێنەی زەینی بریتیە لە کۆمەڵە کردارێکی فیزیکی و سایکۆلۆژی ،مرۆڤ زانیارییەکانی لە ڕێگەی هەستەکانیەوە وەردەگریَ واتە هەستەکانی مرۆڤ وەک ئامرازی تێکردنی زانیاری وان دوای ئەوەی زانیارییەکان وەردەگیرێن لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەگوازێنەوە بۆ یادگەی هەستی، کە لە چەند یادگەیەکیلاوەکی پێک هاتووە وەک ( یادگەی بینراوەیی، یادگەی بیستراوەیی، یادگەی بەرکەوتن، یادگەی تامکردن، یادگەی بۆن کردن) ئەم یادگەیە خاوەنی چەند خاسیەتێکە لەوانە ڕێکخستنی زانیارییەکان لە نێوان هەستەکان و یادگەی کورت خایەت کە دەتوانێ (4-5) یەکەی زانیاری بگوازێتەوە لە یەک کاتدا لەوانەیە ئەو یەکە زانیارییە پیتێک بێ یان وشەیەک بێ یان ڕستەیەک بێ یان وێنەیەک بێ، جگە لەمە ئەو یادگەیە زانیارییەکان هەڵدەگریَ بــــــا مـــــــــاوەیەکی کەم کە لە چـــــــرکەیەک زیــــــــاتر نەبـــــــیَ ( http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=308864) واتە کاتێک یەکەیەکی زانیاری لە ڕێگەی یەکێک لە هەستەکان دەگاتە بە مێشکی مرۆڤ ئەوا سەرەتا دەچێتە یادگەی هەستی ئەگەر زانیارییەکە لە ڕێگەی چاوەوە وەرگیرابوو ئەوا دەچێتە یادگەی بینراوەیی ئەگەر بە گویَ وەرگیرابوو ئەوا دەچێتە یادگەی بیستراوەیی ئەگەر لە ڕێگەی لوتەوە زانیارییەکە وەرگیرابوو ئەوا دەچێتە یادگەی بۆنکردن ... ئەم وانیارییانە بۆ ماوەیەکی کەم لەم یادگەیە دەمێننەوە .بۆ نموونە یادگەی بیستراوی پەیوەستە بەو زانیاریانەی کە بە هۆی پرۆسەکانی بیستنەوە دەست دەکەون ،شوێن پێی بیستراوەیی بۆ ماوەی (0،25)چرکە دەمێنێتەوە و شوێنپێی بینراوی وێنەی بۆ ماوەی (0،5) چرکە دەمێنێتەوە (محمود:2012: 95) کەواتە مانەوەی وێنە بیستراوەکان زیاترە لە بیستراوەکان بۆیە هەستی بیستن لە فێربوونی زمان گرنگە .ئەم یادگەیە تواناکەی سنوردارە و زانیارییەکان بۆ ماوەی 20 چرکە دەمێننەوە ئەگەر دووبارە نەکراوەیەوە ئەوا لە بیردەکرێن بەڵام ئەگەر دووبارەکراوەیەوە سەرەنج درا ئەوا دەگوازێنەوە بۆ یادگەی کورت خایەن. لەم یادگەیە واتە یادگەی کورت خایەن زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵدەگیرێن تواناکەی سنوردارە لە هەرجارێکدا دەتوانێ (5-7) یەکە وەربگریَ .ئەم یادگەیە تواناکەی سنوردارە و زانیارییەکان دەگۆڕیَ بۆ هێما جا ئەو

زانیارییە لە رێگەی هەر یەک لە هەستەکانەوە بێ . دوای ئەم قۆناغە زانیارییەکان دەچن بۆ یادگەی درێژخایەن کە زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە و کاتەکەی سنوردار نیە لە رێگەی چەند کردارێی عەقڵی زانیارییە نوێیەکە دەبەستێتەوە بە زانیارییەکانی پێشوو، لە کاتی پێویستدا دەیانگەڕێنێتەوە .پرۆسەی فێربوونی زمان ئەرکی ئەم یادگەیەیە چونکە هەڵگرتنی زانیارییەکان پێویستە لە یادگەی درێژ خایەن هەڵبگیرێن تا کاتی بەکارهێنانیان،ئەگەر هاتوو زانیارییەکان لە یادگەی کورت خایەن هەڵبگیرێن ئەوا بۆ ماوەیەکی کەم دەمێننەوە و ناتوانرێ سودیان لێ وەربگیرێ . واتە کاتێ یەکەیەکی زانیاری بۆ نموونە وێنەی شتێک لە رێگەی چاوەوە دەگاتە یادگەی هەستی لە وێدا بۆ ماوەیەکی کەم دەمێنێتەوە و دەگۆڕێن بۆ جۆرێک لە هێما کە مێشکی مرۆڤ بتوانێ هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکات دواتر ئەو وێنەیە کە لە شێوەی هێمادایە دەگوازرێتەوە بۆ یادگەی کورت خایەن و لەوێشەوە لە رێگای دووبارەکردنەوە و سەرەنج دانەوە دەگوازرێتەوە بۆ یادگەی درێژ خایەن بەم شێوەیە وێنەی شتەکە لە مێشکدا لە یادگەی درێژخایەن هەڵدەگیرێ لە کاتی پێویست دەگەڕێنرێتەوە و بەکاردەهێنرێتەوە. بەم جۆرە وێنەی زەینی شتەکان لە مێشکدا دروست دەبن . ئەم سێ یادگەیە (یادگەی هەستی، یادگەی کورت خایەن، یادگەی درێژ خایەن) تەواو کەری یەکترن، یادگەی کورت خایەن وەک ئامرازێکی گەیەنەر لەنێوان یادگەی هەستی کە وێنەکان دوای وەرگرتیان راستەوخۆ هەڵدەگرێ لە رێگەی یادگەی کورت خایەن دەکوازرێتەوە بۆ یادگەی درێژخایەن . لە فێربوونی زمانی دووەمدا یادگەی درێژخایەن رۆڵی گرنگی هەیە چونکە دەبێ زانیارییەکان لەو یادگەیە هەڵبگیرێن لە رێگەی سەرەنج دان و راهێنان و دووبارەکردنەوەیان. تابتوانرێ لەکاتی پێویستدا بگەڕێندرێنەوە.



((ضؤنيةتى دروست بوونى ويَنة))

## ١-٥ ستراتيژییەتەکانی هەڵگرتنی زانیاری لە یادگەدا:

ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەگاتە یادگەی هەستی و دواتر بۆ یادگەی کورتخایەن، بۆ ئەوەی لە یادگەی درێژخایەن تۆماربکرێن و هەڵبگیرێن و نەسڕێنەوە پێویستە دووبارە بکرێنەوە. زانایانی ئەم بوارە ئاماژە بە چەند ستراتیژیەتێک بۆ یارمەتیدانی یادگە دەکەن، بۆ ئەوەی زانیارییەکان بگەنە یادگەی درێژخایەن و لە داهاتوودا زانیارییەکان لە کاتی پێویست بگەڕێنرێتەوە، لەوانە (ستراتیژییەتی کلیلەوشە و وێنەی زەینی، وشە هاوئاوازەکان، کورتکردنەوە، شوێن...هتد). تەکنیک و ستراتیژییەتەکانی گەشەپێدانی یادگە پشت دەبەستێت بە گۆڕینی ئەو بابەتانەی کە قورس و زەحمەتن بۆ خەزنکردن بۆ ئەوەی ئاسان هەڵبگیرێن و بگەڕێندرێنەوە. لێرەدا بە کورتی هەریەک لەم ستراتیژییەتانە دەخەینەڕوو.

١- ستراتیژییەتی شوێن ( Loci method): بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییەتە بۆ سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەو، کە وتاربێژەکان بۆ بەبیرهاتنەوەی ڕیزبەندی ئەو بابەتابەی لە کاتی وتاردان پێشکەشیان دەکرد بەکاریاندەهێنا. (Loci) وشەیەکی لاتینییە بە واتای شوێن یان جێگا دێت. ئەم ستراتیژییەتە بریتییە لە بەستانەوەی ئەو زانیارییانەی کە مەبەستمانە لەبەریانبکەین و دواتر لە کاتی پێویست بە ئاسانی بیانگەڕێنینەوە لەگەڵ شوێنێک یان جێگایەک کە لای کەسەکە ناسراوە و ئاشنایە، بە مەرجێک ئەو جێگایانە زنجرەیی بن لە زەینی کەسەکە، هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەک لەنێوان زانیارییەکان (طاشمە و حنان، ٢٠٢٠: ١٠٥-١٠٦). بۆ نموونە (١٠) وشەمان هەیە دەمانەوێت بەکۆدی بکەین و دواتر لەکاتی پێویست بیانگەڕێنینەوە، بۆ ئەم مەبەستە بیر لە وێنەی شوێنێک دەکەینەوە، کە لە لامان ئاشنا بێت.بۆ نموونە وەک چێشتخانەی ماڵەوە. خەیاڵی ئەوە دەکەین کە هەریەک لەم ١٠ وشەیە لە شوێنێکی تایبەتی چێشتخانەکەیە، یەک لە وشەکان لە ناو فڕنەکەیە یەکێکی تریان لەسەر مەغسەل ، یەکێکی تریان لەسەر تەباغەکەیە....هتد، بەم شێوەیە تا هەموو وشەکان تەواو دەبن. بەمەش لە کاتی پێویست دەتوانین بە ئاسانی وشەکانمان بیربکەوێتەوە، لە ڕێگەی بیرهاتنەوە و خەیاڵکردنی چێشتخانە دانە دانە وشەکان دێنەوە

یادمان، کە هەریەکەیان لەسەر کەل وپەلێکی ناو چێشتخانەکەیە (رزقی و ابراهیم و داود ، ٢٠١٩ : ١٥١-١٥٢).

٢-ستراتیژیەتی سەرە وشە (ئەکرۆنیم): ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی باوە بۆ بەکۆدکردنی زانیارییەکان، کە بریتییە لە وەرگرتنی پیتی یەکەمی چەند وشەیەک، لەو پیتانە وشەیەکی نوێ پێکدەهێنرێت، بەمەش دەتوانین لە کاتی پێویست بە ئاسانی ئەو زانیارییانە بگەڕێنینەوە کە لە یادگە هەڵگیراون. ئەم ڕێگایە بۆ کرداری بیرهاتنەوە ئاسانە چونکە مەودایەکی کەم لە زەیندا دەگرێت و تەنها بە بیرهاتنەوەی وشە نوێیەکە وشەکان بە ئاسانی بیردەکەونەوە(طاشمە و حنان، ٢٠٢٠: ١٠٥).

٣- ستراتیژییەتی چیرۆک : ئەم ستراتیژیەتە بریتییە لە دروستکردنی چیرۆکێک دەربارەی ئەو کۆمەڵە وشەیەی مەبەستمانە لەبەریان بکەین و بە ئاسانی بیرمان بکەویتەوە. ئەم ڕێگایە پشت بە توانای تاک دەبەستێت بۆ دروستکردنی وێنەی زەینی زانیارییە نوێیەکان کە دەیەوێت وەریانبگرێت، هەروەها ئامادەکردنی وێنەی خەیاڵی چیرۆکەکە لە زەیندا، بەمەش مامۆستا توانای زەینی خۆی بەکاردەهێنێت بە ئامانجی ڕێکخستنی زانیاری و ئەزموونەکانی ڕێکخستنی وشەکان بەشێوەی دەنگی یان وێنەیی لە شێوەی چیرۆک، تاکو فێرخواز بتوانێت لە داهاتوودا بە ئاسانی و بە خێرایی ئەو زانیارییانە بگەڕێنێتەوە(رزقی و ابراهیم و داود ، ٢٠١٩: ١٥٥).بۆ نموونە بۆ لەبەرکردنی کۆمەڵە وشەیەکی وەک (سەگ ، ئۆتۆمبێل، دار، ڕاکردن) دەتوانین سود لەم ستراتیژییەتە وەربگرین لە ڕیگەی دروستکردنی چیرۆکێک بۆ نموونە( سەگێک لە ژێر دارێکدا بۆ ئۆتۆمبێلێک ڕادەکات)  دروستکردنی وێنەی خەیاڵی ئەم چیرۆکە کە سەگێک بەرەو ئۆتۆمبێلێک ڕادەکات کە لە ژێر دارێک وەستاوە)، لەڕێگەی ئەم وێنەیەی لە خەیاڵدا لە شێوەی چیرۆکێک دروستی دەکەین، وشەکان بە ئاسانی لە یادگەدا هەڵدەگیرێن و دەتوانین بەئاسانی لە کاتی پێویستدا بیانگەڕێنینەوە، چونکە هەموو ئەم وشانە بونەتە بەشێک لە دیمەنێک کە لە خەیاڵی خۆمان دروستمان کردووە.

٤-ستراتیژیەتی بیرکردنەوە : ئەم ستراتیژییەتە بریتییە لە بەستانەوەی دوو وشە بە یەکتری بیرکەوتنەوەی لە ڕێگەی وشەی سێیەم یان بیرۆکەی سێیەم. ئەم ڕێگایە پێویستی بە بیرکردنەوە و بەکارهێنانی خەیاڵ هەیە پێش گەیشتن بە وشەی سێیەم بۆ لکاندنی هەردوو وشەکە بە یەکتر، بۆ نموونە بۆ لەبەرکردن و بیرکەوتنەوەی هەردوو وشەی (وشتر و پەنجەرە) بیر لەوە دەکەینەوە کە وشترێکی گەورە بە هەموو هێزی

دەیەویت لە پەنجەرەیەکی بچووک بچێتەژوورەوە. ئەم وێنەیە وێنەیەکی پێکەنیناوی و نالۆژیکییە، بەلام یارمەتیدەرە بۆ بیرکەوتنەوەی هەردوو وشەکە.(الیاصجین، ٢٠١٧: ١٨)

٥- ستراتیژییەتی وشە هاوئاوازەکان (نزیکە ئاوازەکان): ئەم ستراتیژیەتە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (peg word) کە بریتییە لە بەستانەوەی وشەیەکی نوێ بە وشەیەکی تر کە لای فێرخواز ئاشنایە، دەبێت ئەم دوو وشەیە لەشێوەی دوانەیەکی هاوئاواز یان نزیکە ئاواز بن، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەر بکرێن. ئەو وشەیەی کە لای فێرخواز ئاشنایە پێی دەوترێت (Peg). ( طاشمة و حنان، ٢٠٢٠: ١٠٤). بۆ نموونە : un bun ,

Door , Four

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ستراتیژییەتی (کلیلە وشە ) دەبەستین.

٦-ستراتیژییەتی کلیلە وشە (Mnemonic) ئەم ستراتیژییەتە پشت بە وێنەی زەینی دەبەستێت. کە دەتوانێت کرداری فێربوون و بیرکردنەوە و گەڕاندنەوەی زانیاری هەلگیراو باشتربکات. بەوە پێناسەدەکرێت کە بریتییە لە ڕێوشوێنێکی ڕێکخراو بۆ گۆڕینی ئاماژە کە بە ئاسانی ناگەڕێندرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی و بە خێرایی بگەڕێنرێتەوە(pressley et al, 1982: 61)

(Levin) سێ ئاست لەم ستراتیژییەتە دەستنیشاندەکات کە بریتین لە :

١-بەکۆدکردن (recoding) لەم ئاستەدا فێرخواز وشەیەکی نوێی زمانی دووەم بۆ نموونە ئینگیزی کە لای نامۆیە و ئاشنا نییە دەگۆڕێت بۆ کلیلە وشەیەکی تری هاوشێوە کە پێی ئاشنایە و دەتوانێت وێنەی بکێشێت لە مێشکیدا.

٢-بەستانەوە ( relating) لەم ئاستەدا فێرخواز کلیلە وشەکە لەگەڵ وشە تازەکە دەبەستێتەوە لە ڕێگەی کێشانی وێنەی کارلێکراو.

٣-گەڕاندنەوە (retrieving) لەم ئاستەدا پرسیار لە فێرخواز دەکرێت دەربارەی مانای وشە نوێیەکە، کە لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە کلیلە وشەکە و وێنەکە دەیگەڕێنێتەوە.(البتال ٢٠١٤: ١٠٥)

توێژەران جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە وێنەی بینراو و وێنەی زەینی بەشێوەیەکی فراوان یارمەتی گەڕاندنەوەی زانیاری و بەبیرهاتنەوەی زانیاری دەدەن لە یادگەدا ( الحكمي، ٢٠٢٤: ٣)

ئەم ستراتیژیەتە لە فێربوونی زمانی دووەمدا سودی لێوەردەگیرێت کە لەڕێگەی وشەیەک یەن بەشێک لە وشەکە کە لە هەردوو زمانەکە هەمان دەربڕینیان هەیە، بە شێوەیەکی زەینی هەردوو وشەکە بەیەکە دەبەسترێتەوە لە ڕێگەی وێنەی زەینی گاڵتەئامێز و وروژێنەر بە بیرهاتنەوەم بۆ نموونە وشەی (two) لە زمانی ئینگلیزی بەمانای ژمارە دوو دێت لە زمانی کوردی هەمان دەربڕین (توو) ناوی میوەیەکە. دەتوانین هەردوو وشەکە بەیەکەوە لە ڕێگەی وێنەیەک و ڕستەیەک بەیەکەوە ببەستینەوە. تاکو بە ئاسانی خەزنبکرێت لە یادگەدا.

ئەم ستراتیژیەتە بە ڕێگایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەکۆدکردنی بنەمای بیرۆکەکان کە زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە لە بابەتی یادگەدا پێیان وایە کە وێنەی زەینی یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی هەڵگرتنی زانیاری، توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە وێنە ئاسانترە بۆ بەبیرهاتنەوە وەک لە وشە، لە یەکێک لە توێژینەوەکان لە لەسەر کۆمەڵێک کەس ئەنجامدراوە تیایدا (٦٠٠) وشە و (٦١٢) ڕستە و (٦١٢) وێنە بەکارهاتووە دواتر داوا لە بەشداربووان کراوە ئەوەی بینویانە بیگەڕێننەوە، دەرکەوتووە لە جاری یەکە (٨٨٪)ی وەڵامی ڕاست وشەکان بوو واتە وشەکانیان بیرمابوو، (٨٩٪) ڕستەکان بوو ، لە (٩٧) وێنەکان بوو واتە توانای جیاکردنەوەی ئەو وێنەیان هەبوو بە بینیبوویان(الرحو ، ٢٠٠٥: ١٧١)

ئەم ستراتیژیانەش چەند سوودێکیان هەیە وەک :

+ یادگەی درێژخایەن بەهێز دەکات.

+ فێربوون چێژبەخش و کارلێککەر دەکات.

+ یارمەتیت دەدات بە زمانی ئینگلیزی بیربکەیتەوە لەبری وەرگێڕان.

**بەشی دووەم: فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگای ستراتیژیەتی کلیلە وشە:**

**٢-١-چۆنییەتی لەبەرکردنی وشە :**

ئێمە ئەگەر بێت و (100) وشە وەربگرین، سەرەتا دەیانکەینە (10) دەستە و هەردەستەی (10) وشە، هەر وشەیەک واتاکەی لەبەرامبەریدا دەنوسین، بۆ لەبەرکردنی وشەکان دێین هەر وشەی 10 تا 15 جار دەخوێنینەوە و دواتر بیست جاریتر وشەکان لەدوای یەک دەخوێنینەوە بۆ نموونە: Sun رۆژ Ambulance ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتن. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە بۆ دەبێت بیست جار وشەکان لەدوای یەک بخوێندرێتەوە ؟ لەبەر ئەوەی جاری یەکەم لەبەرکردنەکە لە یادگەی کاتی تۆمارکرابوو، بەڵام جاری دووەم کە بۆماوەی بیست جار دەخوێندرێتەوە ئەوا چاوی مرۆڤ وێنەی رۆناکی لاپەڕەکە وەردەگرێت و لە یادگەی هەمیشەیی تۆماردەکرێت کە وەک هاردی مێشک وایە، رۆژی دواتر واتاکان بەبیرخۆت دێنیتەوە لەگەڵ وشە بەرامبەرەکەی لە زمانی ئینگلیزی بەمەش دەتوانی بۆ هەتاهەتایە وشەکە و واتاکەی لەبەر بکەیت .

**٢-٢- وێنە لە پرۆسەی فێرکردندا :**

زمانی فێرکردن هەڵبژاردنی گونجاندنی زمانی دەربڕین و بینراویی هەستییە کە لە ئەنجامی سەیرکردنەوە دورست دەبێت، وێنە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا، دەتوانین گرنگییەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە چڕبکەینەوە :

- هۆکارێکە بۆ پەرۆشی و گرنگیپێدانی فێرخوا .

- تایبەتمەندی وردێتی و روونی هەیە زیاتر لە وشە .

- توانای وروژاندن کاریگەری دەروونی و ئەقڵی هەیە لەسەر فێرخواز .

- توانای نزیکردنەوەی کات و شوێنی هەیە .

هاندانی فێرخواز بۆ بەرهەمهێنانی مەلەکەی ئەقڵی لە تێبینی و رامان و بیرکردنەوە بەمەش زانینی بۆ دەستەبەر دەکات و بیرۆکەکانی بۆروون دەکاتەوە . لە پرۆسەی فێرکردندا (flash card) یەکێکە لە ڕێگا هەرە گرنگەکان کە مامۆستا لە پرۆسەی فێرکردندا بە تایبەت فێرکردنی زماندا پشتی پێدەبەستێت، کە بریتییە لە کارتێکی دروستکراو لە کاغەزی پتەو یان ئەستور کە لە ڕووەکەی وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک نوسراوە، کە بە قەبارەی جیاواز دروست دەکرێت. یان بەوە پێناسەدەکرێت کە بریتییە لە کارتێک کە وشە یان وێنە یان هێمای لەسەر

نوسراوه كه به گشتی پێوانەکەی (٨ X ١٢سم) ئەم پێوانەیەش دەگۆڕێت بەگوێرەی قۆناغ و ویستی مامۆستا(الرازی، ٢٠٢٢: ٢١-٢٢).

بەمەش وێنە دەبێتە بەشێک لە خودی پەیام پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ پرۆسەی فێربوون، چونکە هەرچەند گرنگی بدرێتە سەر هەستەکانی فێرخواز بە تایبەتی بینین ئەوا زیاتر پرۆسەی فێربوون ئامانجەکەی دەپێکێت . وێنە هەردوو هەستی بیستن و بینین دەدوێنێت لە یەک کاتدا ئەمەش نهێنی سەرکەوتنییەتی لە بەجێگەیاندنی ئامانجی فێرکردن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئارەزووی فێرخواز بۆ ئەم دوانەییە، بەم پێیە ناتوانرێت وێنە لە وشە جیابکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وشە لە چوارچێوەی هۆیەکانی فێرکردنی بینراوی بەکاربهێندرێت . پەندێکی چینی هەیە دەڵێت: وێنەیەک هەزار وشە دێنێت، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین پڕە لە وروژێنەری بینراوی و بەجۆرێک زمانی وێنە زمانی وشە دادەپۆشێت و بۆیەش وێنە باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشاوە و هۆرتین ناوی لێناوە society visually oriented چونکە لە جیهانێکدا دەژین بە چاو ئاڕاستەدەکرێت . جۆن دینز پێی وایە رۆشنبیری بینراوی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک توانستی پەیوەست بە هەستی بینین و دەتواندرێت لەلایەن فێرخوازەوە لەرێگای شارەزایی پەرەی پێبدرێت . ئەم رۆشنبیرییە پشت بە بینینی تەواو دەبەستێت دەبێتە تەواوکەری هەستەکانیتر . رۆشنبیری بینراوی دەتوانێت لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ رووداو و هێماو شێوە بینراوییەکان بکات لە دەوروبەردا. (Sinatra) پێی وایە بنیاتنانەوەی شارەزاییە بینراوییەکانی پێشووترە لەگەڵ پەیامە بینراوییەکانی وەرگیراو بۆ گەیشتن بە واتا و جەختکردنەوە لەسەر ئەو ئەرکانەی کە فێرخواز بەجێی دەگەیەنێت .(Wileman) پێی وایە بریتییە لە توانستی خوێندنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی زانیارییە پێشکەشکراوەکان لە ریگای وێنە و هێلکاری وێنەیی .کەواتە رۆشنبیری بینین توانستێکە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی زانیارییە پێشکەشکراوەکان لەرێگای وێنە و پەیوەستە بە بیرکردنەوەی بینراوی و توانایەکە بۆ گۆڕینی زانیاری بۆ وێنە .

رۆشنبیری بینراوی سێ لایەنی هەیە :

1- فێرکردنی بینراوی (visual learning ) :

فێرکردن لە ڕێگای وێنە دەگرێتەوە کە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ گۆڕینی بیرۆکەی ئەبستراکت بۆ وێنە و لەهەمان کاتیشدا بەکارهێنانی فلیم و وێنەی چەسپاو و هێلکاری و نەخشە و شتومەکی ڕاستەقینە و بەرجەستە .

2- گەیاندنی بینراوی (visual communication) :

پەیامی وێنەیی کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە پرۆسەی فێرکردن و ڕازیکردنی تاک کە تیایدا پەیامەکان لە ڕێگای وێنەی بینراوی دا دەخرێنەڕوو .

3- بیرکردنەوەی بینراوی (visual thinking):

کارلێکردنی نێوان بینین و ئەندێشەکردن وێنەی زەینی لای تاک دورست دەکات .

**٢-٣-فێربوونی زمان لە ڕێگای وێنەی زەینی :**

مرۆڤ دەتوانێت وێنە بەبیر خۆی بێنێتەوە بەسەدان جار خێراتر لە بەبیرهێنانەوەی وشە و ژمارە ئەبستراکتەکان، ئەم فێربوونەی زمان پشت دەبەستێت بە گۆڕینەوەی وشە بە وێنەی لێکدراو بە شێوەیەکی تایبەت هەروەها هەوڵدەدرێت کۆمێنتێک لەگەڵ هەروێنەیەک دابنرێت، کۆمێنتەکەی کە ئاماژەمان پێیکرد هەندێ لە پیتەکانی بە ڕەنگی سوور ڕەنگکراون و ئاماژەن بۆ چۆنییەتی گۆکردنی وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا .(https://www.youtube.com/watch?v=Jka72r8EIkM)

ئەم تەکنیکەی فێربوون گونجاوە بۆ هەموو تەمەنەکان و فێرخوا زلە ماوەی هەفتەیەکدا فێری گفتوگۆی زمانی ئینگلیزی دەکات، بۆیە ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین وشەکان بگۆڕین بۆ وێنەی زەینی، لەم تەکنیکەی فێربووندا ئەوەی لەسەر فێرخواز پێویستە ئەوەیە سەیری وێنەوە و خوێندنەوەی کۆمێنتەکان بکات و دواتر بەدوای ئەو پارچەیەی کە بەرەنگی سوور ڕەنگکراوە بگەڕێت لە هەر کۆمێنتێکدا کە بریتییە گۆکردنی ئەو وشەیەی کە دەمانەوێت لەبەری بکەین .

بەم پێیە فێرخوازەکان دەتوانێت هەزارەها وشە لەبەربکات و بێ ئەوەی لەبیری بکات، ئەمەش لە ڕێگای وێنەی زەینی، ئەم ئەزموونە تاقیکراوەتەوە لەسەر منداڵێکی دەساڵی و دەرکەوت دەتوانێت لە ماوەی 30 خولەکدا 50 وشە لەبەر بکات .

**٢-٤ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی وێنەی زەینی:**



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

پوختەی پرۆگرامەکە بەم شێوەیەیە، کە فێرخواز وێنەیەکی دەخرێتە بەردەست کە لەسەرەوەی وێنەکە وشە ئنگلیزیەکە دەنوسرێت بە ڕەنگی سور و وشە کوردییەکە بە ڕەنگی زەرد لە خورەوەی وێنەکە دەستەواژەیەک دەنوسرێت کە ئەو بەشەی بە ڕەنگی سور ڕەنگکراوە دەربڕینی وشەکەیە بە زمانی ئینگلیزی و ئەو بەشەی بە ڕەنگی زەرد ڕەنگکراوە واتاکەیتی لە زمانی کوردیدا. لەسەر فێرخواز پێویستە دوای سەرەنجدان لە وێنەکە، سەرەنج بداتە ئەو دەستەواژەی لە ژێر وێنەکە نوسراوە و بە تایبەت ئەو بەشەی بە ڕەنگی سور ڕەنگکراوە. (دوای ئەوەی پێنج وشە وێنە بە هەمان ڕێگای پێشوو لەبەردەکات، لەسەر لاپەڕەیەکی سپی وشەکان بە زمانی کوردی دەنوسێت و هەوڵدەدات لەبەرامبەر هەر وشەیەک واتاکەی لە زمانی ئنگلیزی بنوسێت. ئەم کردارە ١٠ جار دووبارە دەکاتەوە. بەم شێوەیە دەتوانێت سەدان وشە بە زمانی ئینگلیزی لەبەربکات لە ڕێگەی وێنەی زەینییەوە.

لەم شێوازەدا کرداری بەکۆدکردنی زانیارییەکان زۆر گرنگە، واتە ئەوکەسەی پرۆگرامەکە دادەنێت.دەبێت ورد و وریا بێت شارەزایی لە هەردوو زمانەکە هەبێت. دەبێت هەمان دەربڕینی وشەکە یان نزیک لەو دەربڕینە لە زمانی کوردی بدۆزێتەوە و بیخاتە ناو دەستەواژەیەک.

**بۆ نموونە: لە ڕێگای ئەم تەکنیکەی خوارەوە :**

١- Bear                                   Bear = ورچ



**ورچەکە لە تەنیشت بیرەکەیە.**

**بۆ ئەوەی فێرخواز وشەی ئینگلیزی (Bear) کە بە مانای (ورچ ) دێت، سەیری ئەم وێنەیە دەکات، بە وردی سەرەنج لەو دەستەواژەیە دەدات، کە لە ژێر وێنەکە نوسراوە (ورچەکە لە تەنیشت بیرەکەیە)، سەرەنجدەداتە ئەو بەشەی بە ڕەنگی سور ڕەنگکراوە کە دەربڕینی وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەو بەشەی بە ڕەنگی زەرد ڕەنگکراوە واتاکەیتی لە زمانی کوردیدا. بە هەمان**

ئەو شـــێوەیەی لە پێشـــوو باســـمان کـــرد دوای لەبەرکردنـــی پ. بە هەمـــان ئەو شـــێوەیەی لە پێشـــوو باســـمان کـــرد دوای لەبەرکردنـــی پێـــنج وشـــە لەســـەر لاپەڕەیەکی سپی دەینوسێتەوە ١٠ جار دووبارەیدەکاتەوە.

٢- Bee

هەنگ = Bee



هەنگەکە لەسەر دار بی یە.

٣- Pan

تاوە = Pan



ناوەوەی تاوەکە پانە.

٤- Jam

مرەبا = Jam



جامەکە پڕە لە مرەبا.

٦- Bone

ئێسک = Bone





ئێسکەکە بۆن ساردە.

٧- Bag

Bag = جانتا



شێوەی جانتاکە وەک باگوردانە.

٨- Fish

Fish = ماسی



ماسی کلک فش.

٩- Car

Car = ئۆتۆمبیل



ئۆتۆمبیلەکە کارناکات.

١٠- Two

two = دوو



دوو دار توو.

٥- light

Light = ڕووناکی



لایتەکە رووناکی کەمە.

١٢- dusty

تەپ و تۆز = dusty



کچەکە تەپ و تۆزی پەنجەرەکەی بە دەستی پاککردەوە

١٣-piece

پارچە = piece



پارچە پیتزاکە پیسە.

١٧- Tea

چا = Tea



چایەکە ڕەنگی تیرە.

١٤- feel

هەست = Feel



فیلەکە هەست بە دڵخۆشی دەکات.

١٥- poor

هەژار = poor



پورە ئایشە هەژارە.

---

١٨-duck

مراوی = duck



مراویەکە مەلە دەکات.

---

١٩- Hat

کڵاو = Hat



کڵاوەکە بە ڕکردن هات.

---

٢٢- Pack

دەسکە – گورزە = Pack



دەسکێک سەوزەی پاک لێرەیە.

---

٢٠- Pot

مەنجەڵ = Pot




پۆتینەکە لە تەنیشت مەنجەڵەکەیە.

هەندێک جار هامان دەربڕین لە زمانەکە دەست ناکەوێت بۆیە دەتوانین سود لە خستنەپاڵ یەکی دوو وشە وەربگرین کە بە هەردووکیان دەتوانن هەمان دەربڕین دروست بکەن. بۆ نموونە لەم نموونەی خوارەوە بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەی دەربڕاوو وشەی (Grand) لە زمانی کوردی پەنا دەبەینە  دوو وشە کە بە هەردووکیان هەمان دەربڕین دەست دەخەن. بۆیە ئەو کەسەی پرۆگرامەکە دادەنێت دەبێ شارەزایی تەواوی لە زمانی دایک هەبێت.

١٦- Grand

گەورە = Grand

دەرگا گەورەکە گران  دیارە.

ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە چەند ئەنجامێک:

١-لە فێربوونی زمانی دووەمدا چەندین ستراتیژییەت لەم بوارەدا خراونەتەڕوو، یەکێک لەم ستراتیژیەتانە فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەمە لە ڕێگەی وێنەی زەینی .

٢- دەتوانرێت لە ڕێگەی پشت بەستن بە ستراتیژییەتی کلیلە وشە کە پشت بە وێنەی زەینی دەبەستێت لە فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم، پرۆگرامێکی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ فێرخوازانی کورد دابنرێت.

٣- وێنەی زەینی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە فێربوونی زمانی دووەمدا. لە ڕێگای دروستکردنی وێنەی زەینی وشە، دەستەواژەکان، ئەمەش یارمەتی فێرخواز دەدات کە زمانەکە بە قووڵی تێبگات لەبیری نەچێتەوە .

٤- وێنەی زینی ئاستی تێگەیشتن و درکپێکردن بەرزدەکاتەوە، هەر وەک دەبینین کاتێک فێرخواز وشەیەک یان ڕستەیەک بە وێنەیەکی زەینییەوە دەبەستێتەوە، بە ئاسانی ناتوانێت لەبیری بکات.

**٥- وێنەی زەینی یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی وشە و ڕستەکان لە دەوروبەردا. لە ڕێگای خەیاڵکرن بۆ بارودۆخێک ئەوەش دەستەواژەکە دەچەسپێنێت لە یادگەدا و بەکارهێنانی ئاسانتر دەکات.**

**٦-وێنەی زەینی زیاتر لە جۆرێک لە یادگە (بینراو، بیستراو و زمانی) چالاک دەکات و وا دەکات زانیاری زیاتر لە مێشکدا بچەسپێت.**

**٧- وشە یان چەمکە ئەبستراکتەکانی وەک "ئازادی" یان "هیوا" دەتوانرێت بە بەکارهێنانی وێنەی زەینی ڕەمزی ئاسانتر لە ڕێگای خەیاڵکردن فێربین.**

**سەرچاوەکان:**


١- ئەحمەد ، بێستون حەسەن (٢٠١٣) ،وەرگرتن و دەربڕین بەشێوەیەکی پەروەردەییانە لە زمانی کوردیدا، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەردە-میدیا) چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆشنبیری ،هەولێر.

٢- دزەیی، عبدالواحید موشیر (٢٠١٤)،زمانەوانی دەروونی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٣- عبداللە ، دڵنیا نوری (٢٠١٥)،ستراتیژییەتی فێربوونی زمانی دووەم خوێندنی بنەڕەتی بە نموونە ،نامەی ماستەر ،کۆلیژی زمان ،زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

٤- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (٢٠٠٨)،سایکۆلۆژیەتی پەروەردەیی،چاپی یەکەم ،چاپخانەی پەیوەند ،سلێمانی.

٥- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (٢٠٠٢)،سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، چاپخانەی پەیوەند ،سلێمانی.

٦- محمود ، ئاڤێستا کمال (٢٠١٢)،پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردی ،چاپخانەی لەریا سلێمانی.

٧- ابو حطب، فواد (١٩٩٦)، القدرات العقليه،ط٥، مكتبه الانجلو، القاهره.

٨- ابورياش ، حسين محمد (٢٠٠٧) ، التعلم المعرفي، دار الميسر، عمان.

٩- البتال، زيس بن محمد (٢٠١٤)، اثر استخدام استراتيجية الكلمة المفاتيحية فى تدريس الكلمات الانجليزية للتلاميذ ذوي صعوبات التعلم فى الرحلة المتوسطة بمدينة الرياض، المجلة الدولية الابحاث التربوية ، جامعة الامارات العربية المتحدة ، العدد ٣٥.

١٠- الحكمي، علي بن يحيى (٢٠٢٤)، الصور و تمثلها فى اللغة الذاكرة من منظور نظرية التشفير المزدوج للغة، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز،م٣٢، ع٢.

١١- الحوي، ياسين (٢٠٢٢)، الذاكرة و النسيان، ط١ ، دار الكتب و الوثائق، بغداد، عيراق.

١٢- الرحو ، جنان سعيد (٢٠٠٥)، اساسيات فى علم النفس، ط١ ، الدار العربية للعلوم.

١٣- رزقى، رعد مهدى و ابراهيم، حيدر معن و داود، ضمياد (٢٠١٩)، التفكير و انماطه، الدار الكتاب العلميه، ط١، لبنان.

١٤- الزغلول، رافع النصير، و الزغلول، عماد عبدالرحيم (٢٠٠٣)، علم النفس المعرفي، الدار الوائل للطباعة و النشر، عمان.

١٥- الزيات، فتحي (١٩٩٨)، صعوبات التعلم: الاسس النظرية و التشخيصية و العلاجية،الدار النشر للجامعات، القاهرة.

١٦- الغريب، رمزية (١٩٧٨)، التعلم دراسه نفسيه ، تفسيريه، توجههه، مكتبه الانجلو ، القاهره.

١٧- ملحم، سامي محمد (٢٠٠١)، سيكولوجية التعلم و التعليم الآسس النظرية و التطبيقية، دار الميسر للنشر و التوزيع و للطباعة، عمان.

١٩- الوقفي، راضي (٢٠٢٣)، مقدمة فيعلم النفس ، دار النشر و التوزيع، عمان.

٢٠- الياصجين، فرحان ( ٢٠١٧) الاتجاه المعرفي بين النظرية و التطبيق ، دار زهران للنشر.

٢١-الرازى، محمد فتح(٢٠٢٢) استخدام وسائل بطاقة الاستذكار (flash card) لترقية مهارة، رسالة الماجستير، جامعة رادين انتان الاسلامية الحكومة لامبونج.

ثيَطةى ئةنتةرنيَت:

٢١- .www.kenanaonline.com

٢٢- www.kenanaonline.com

٢٣- http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=308864